## دۆریس لیسینگ

# رەنگە مەبەستیان ئەمە نەبێ

کارین جیمس
و: کاویس محەمەد

کاتێ دۆریس هەرزەکار بوو، سەیرێکی دایک و باوکی خۆی کرد کە لە بانێژەی کێڵگە ئەفریقییەکەیان دانیشتبوون، ئەو سەربازە بەریتانیەی قاچێکی لە جەنگی دووەمی جیهانی لەدەستدابوو، لەگەڵ ئەو پەرستیارەی لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی لەندەن کاری چاودێریکردنی پێ سپێنرابوو. ئەم دووانە بوونە ژن و مێرد، ژن و مێردایەتییەکی پڕ نائومێدی لە موستەعمەرەی رووسیا باوکی ژیانێکی وای گوزەراند کە تووشی جەنگ بوو کە لیسینگ نیازی بوو کۆتایی بەهەمان ئەو جەنگە بێنێ، وەک لە(لەژێر پێستمدا) نووسی کە بەشی یەکەمی لەبارەی ژیاننامەی خۆیەتی: چوار ساڵم لە هزرمدا پاراست، وەک ئەوەی چەند دیمەنی فیلمێک بن، ئاخۆ ئەم چوار ساڵە بێ ئەم جەنگە چۆن دەبوو. لیسینگ بیری لەدایکی دەکردەوە کە بەگەرموگوڕی نەخۆشخانەیەک بەڕێوەدەبات، لەجیاتی ئەوەی تەنیا بەشێوەیەکی خەمبارانە پەروەردەی منداڵەکانی ئەنجام بدات و باوکی کە بەهێزو چالاک بێ لەجیاتی ئەوەی بیکات بەکەسێکی نادروستی تووشبوو بەنەخۆشی شەکرە. دۆریس حاڵی وەک حاڵی زۆرێک لە هەرزەکاران بوو و سوێندی خوارد(کە هیچ کاتێ وەک ئەو خەڵکە نەخۆش و نیوە شێتانە نەبم کە کەسوکاری خۆمن)، بەڵام بەپێچەوانەی زۆربەی هەرزەکاران بوو بەنووسەرێکی رووناکبیری خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ. وە لە کتێبی(ئەلفریدو ئیمیلی)دا باشترین خەڵاتی پێشکەش کردن کە دەکرێ پێشکەشیان

بکات، کە ژیانێکی وایە رەنگە بیگوزەرێنن، نیوەی کتێبەکە رۆمانێکە لەبارەی ئەلفرید و ئیمیلی کە لە بەریتانیای هێمن و ناسکدا پێکەوە گەورە نەبوون، نیوەکەی دیکەی دانەیەکی نارۆمانیمان پێشکەش دەکات و ئەم کەسایەتییە کلۆڵانە دەردەخات کە بەراستی کچەکەیان دەیانناسی. وە لەبەرئەوەی کچەکە دۆریسە بۆیە دەستیکردووە سەرلەنوێ بەخولقاندن، یان بەهەموو تورەیی و بەروونیەکی بێ سۆزانە کە باشترین بەرهەمەکانی پێی دەناسرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا سیفاتی وایان بۆ زیاد دەکات کە خاوەنی نین وەک بەبەزەییبوون و رێزگرتن. تا ئەمرۆش هەندێ خەڵک پێیان وایە لیسینگ ئەعجوبەی یەک کتێبە لە کلاسیکییە مێینەکەیدا کە ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەتەوەو ناوبانگی پێدەرکردووە «دەفتەری تێبینی زێڕین»، یا دانەیەکی ئەدەبی خانمێکی سەردەمێکی شێتانەیە کە کتێب لەبارەی پشیلەکانی دادەنێ و رۆمانی وا دەنووسێ کە لە هەسارەکانی دیکە روودەدەن، بەڵام(دەفتەری تێبینی زێڕین) پابەندمی تێبینییە کۆمەڵایەتی و دەروونییە بریندارکەرەکانیەتی، هەروەها لیسینگ بەردەوام بەپلەی یەکەم واقیعییە، پتر لەمە کاتێ کارەکە پەیوەندی بەوەسفکردنی ژیانی خۆیەوە هەبێ لە ئەفریقیا. رەنگە ئەلفرید و ئیملی لە بەشێکیدا بەدی هێنانی ئومێدی خۆی بێ، بەڵام پشت بەتواناکانی لیسینگ وەک نووسەرێکی واقیعی بریندارکار دەبەستێ. لیسینگ بەدرێژایی چەند دەیەیەک بەدەوری ئەم بابەتە دەسوڕایەوەو وتارەکەی(باوکم) ساڵی ١٩٦٣ دەرکەوت و کتێبی(لەژێر پێستمدا) ساڵی ١٩٩٤ بڵاوکرایەوە. لەم بەرهەمانەو زۆرێک لەوانەی دیکەی دەزانین کە ئەگەرچی ئەو لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەدایکبووە کەچی لەڕێی دایک و باوکییەوە تێیدا ژیاوە، وەک ئەوەی هەورێکی رەش بێ و بەسەر منداڵی ئەوەوە بسوڕێتەوە. واتا رازیبوونی بەوەی کە شەڕ تێکیشکاندووە وەک هۆکارێ دەچێتە سەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کە بەدرێژایی ژیانی شانبەشانی هاتووە، یا بەلایەنی کەم بەدرێژایی ماوەی گەنجێتی لە ئەفریقیای گۆشەگیر هاوشانی بووە. پرۆژەی(ئەلفریدو ئیملی) لە هەموو بەشەکانی دیکەی کتێبەکە پڕ ئیحاترە. رۆمانەکەش بۆی هەیە کەموکوڕی هەبێ و کۆتایی نێ، هەرچی بابەتی ژیاننامەکەیە ئەوا هەمەلایەنترە لە(ژێر پێستمدا)، بەڵام جێی سەرسوڕمانە کاتێ دەبینین لیسینگ لەوکاتەی لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدایە زۆر شێلگیرانە پابەندی مانای ژیانی لێکترازاوی دایک و باوکی دەبێ. ئەو لەڕێی شیکردنەوەی ئەم ژیانانەدا خۆی شیدەکاتەوەو بەم کتێبە متۆبوونی خۆی بۆ ڕاستییە بەدیلەکان تەواودەکات.

بەهۆی ئەم بەدیلەوە لیسینگ ئەلفرید تایلرو ئیملی ماکفاک دەخولقێنێ کە لەیاری کریکت چاویان بەیەک دەکەوێ، بەڵام هێشتا تەمەنیان نەگەیشتۆتە بیست ساڵی. چاوپێکەوتنەکە خەیاڵێکی روونە، بەڵام قابیلی باوڕپێکردنە. لایەنە رۆمانسییەکەی لە باشترین حاڵەتەکانیدا رێزگرتنێکی زۆری بۆ ژیانی گوند کە تەواو لەگەڵ ژیانی ئەلفرید دەگونجێ تێدایە، نووسەر رۆدەچێتە ناو دەریای وردەکاری مێژووی راستەقینەو رێ بەباوکی دەدات بەرهەڵستکاری فشاری دایکی بکات کە دەیەوێ لەجیاتی کارکردن لە بەنک ببێ بەجوتیار. لیسینگ رەمەکیانە باوکی وەردەگرێ و وایلێدەکات ببێ بەکەسێکی ئاسایی و ژیانێکی درێژی پڕ خۆشی بژی.

پێشتر پەیوەندی لەگەڵ دایکی کە مەیلی دەستبەسەرداگرتنی هەبوو درزی تێ کەوتبوو و لەم بارەیەوە دەڵێ: رقم لەدایکمە. ئەمە رستەیەکی لەناکاو نییە کە لە لایەن لیسینگەوە هاتبێ. ئەو تا ئێستاش لەبێزاریە کۆنەکەی بەردەوامەو لێی دانەبڕاوە، ئەو لەوکاتەدا گەورەبووە کە گوێی لەوە دەبوو دایکی دڵی بۆ خنکانی پزیشکێ شەق شەق ببوو کە زۆر خۆشی دەویست. رۆماننووس، ئیملی بەرێیەکدا دەبات تا ببێ بەهاوسەری ئەلفرید، بەڵام هاوسەرێتیان ساردوسڕ بوو، لەم کەسایەتییەدا لیسینگ وا دێتەبەرچاو کاتێ دەڵێ: کەسایەتی دایکم(سارده- ناگۆڕێ).

لەگەڵ ئەوەشدا لیسینگ سۆزی خۆی لەرێی راستگۆترین و جێگیرترین سیمەدا بەرفراوان دەکات. ئیمیلی پەرستیاری کارامە هەست دەکات هەموو هەستکردنێکی بەخۆی لەم هاوسەرێتییە تەقلیدیە لەدەست داوە. بۆیە لیسینگ بەهەموو سۆزێکەوە ئەم هاوسەرێتییە دەکوژێ. وە بەوپێیەی بێوەژنە ئیمیلی بۆ خودی خۆی دەگەرێتەوەو یارمەتی هەژاران دەدات و ژمارەیەک قوتابخانە دروست دەکات. لایەنی نەخشەسازییەکە لە رۆمانەکەدا پڕیەتی لە مێژووی جەنگی گەورە لەوکاتەی بارودۆخی بەریتانیا لەوپەری باشیدایە، ئەگەرچی ململانێ لە چواردەوری جیهاندا هەیە.

وە لەیەکێ پڕ ئیلهامترین نووسینەکانی جێ دەستەکانی لیسینگ ئەوەیە کە تەسریحەکانی پرچی ئافرەتان پاڵپشتی لایەنە پێشبڕکێکەرەکان دەکات لە شەڕی تورکی - سربیدا، بەڵام لیسینگ حەزناکات هیچ یەکێ لەم جیهانە بەدیلەی ئەو ماوە درێژە بهێنێتەوە کە هەندێ جار رستەیەک یا دێڕێک لە چیرۆکە راستەقینەکە دەخاتەڕوو کە دێ و دەڵێ: بۆ نموونە لەژیاندا ریخۆڵەکوێرە لای باوکم بەر لە شەڕی سومی تەقییەوە، ئەوەش وایکرد لە کوشتن لەگەڵ پیاوانی دیکەی کتێبەکەی رزگاری ببێ.(بۆم هەیە هەست بەو تووڕەییە بکەم کە ئەوکات هەستم پێکرد، ئێمە بەشداربووین لەو تووڕەییەی لە ئەنجامی لەیەک نەگەیشتن سەرچاوە دەگرێ و پێم وایە تووڕەیی لە سەنگەرەکان باڵی بەسەرمدا کێشاوەو بۆیە هەمیشە وازم لێ ناهێنێ). ئەلفرۆیدو ئیمیلی ئیزافەیەکی نائاسایی و نا تەقلیدییە بۆ ژیاننامەی لیسینگ .

ئەو دەڵێ: دوا کتێبی خۆم نووسیوە، بەڵام نزمترین ئاوازی ماڵئاوایی یا کۆتایی هاتن لە ئارادا نییە. بۆیە پڕ ژیان و گەرموگوڕ دەمێنێتەوە، هەتا لەم تەمەنەشیدا، وا دەردەکەوێ کە کچێکی زریاناوی بەسۆزە.

**سەرچاوە:**

الصباح، ١٣ت١ العدد ١٥٠٩

و: بۆ عەرەبی، جریدة الصباح